# سودانی جەخت لەسەر پشت بەستن بە دیزاینە نوێیەکان دەکاتەوە بۆ شاری سەدری نوێ

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەخت لەسەر پشت بەستن بە دیزاینە نوێیەکان دەکاتەوە بۆ شاری سەدری نوێ و دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەشێوەیەکی خێرا.
نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە، کارە جێبەجێکارییەکانی شاری سەدری نوێی دەستپێکرد.

وتیشی سودانی جەختی لە گرنگی دەستپێکردنی کارە جێبەجێکارییەکانی ژێرخانی شاری سەدری نوێ کردەوە، لەوانە تۆڕەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوە و ڕێگاوبانەکان، و تۆڕەکانی کارەبا و پەیوەندییەکان بۆ 60 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، ناوبراو ستایشی هەوڵەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کرد کە بەشداربوون لە گەیشتن بەم قۆناغە، کە لە ئەمیندارییەتی بەغداد و حکومەتی خۆجێی و پارێزگاری بەغداد و ئەندامانی لیژنەی باڵای شاری سەدر و تیمی بەدواداچوون لە نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتوون بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئاستەنگەکان.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەو مۆدێلە ئابوورییە نوێیە کرد کە پەسەند دەکرێت، و بە یەکەم مۆدێل لەو جۆرە دادەنرێت، کە و دەستوەردان دەکات بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان، دواتر کەرتی تایبەت بەشدار دەبێت وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە جێبەجێکردنی شارەکانی نیشتەجێبوون بەپێی پلان بە داڕێژراوەکان، و جەختیشی لەوە کردەوە کە پڕۆژەکە یەکخستنی شارە کۆنەکە لەگەڵ شارە نوێیەکە لەخۆدەگرێت، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگە بۆ شاری سەدر و دەوروبەری، کە بە شێوەیەکی پەرتەوازەیە و خزمەتگوزارییەکانی گونجاو نین بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، هەروەها جەختی لەو گرنگیدانە کردەوە کە شاری سەدر ناوی هەردوو شەهیدی سەدر هەڵدەگرێت.

شاری سەدری نوێ دەکەوێتە سەر ڕووبەرو 4000 دۆنم، لە نێوان ناوچەی مەعامڵەوە دەست پێدەکات تا دەوروبەری شاری سەدری ئێستا درێژدەبێتەوە. پڕۆژەکە بەپێی فەلسەفەی دیزاینی هاوچەرخ دیزاین کراوە 60 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بە دیزاین و قەبارەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەگەڵ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ شارەکە، و بەسەر 3 کەرت و 12 گەڕەک و 52 شوێندا دابەش دەکرێت، لەگەڵ ناوەندێکی بازرگانی و خزمەتگوزاری یەکگرتوو لە ناو جەرگەی شارەکە.

لە 22ی نیسانی 2025 گرێبەستی جێبەجێکردنی ژێرخان و ڕێگاوبان و کارە تەواوکەرەکان بۆ ئەو (11) هەزار یەکە نیشتەجێبوونە، لەگەڵ چینە بنەڕەتییەکانی ڕێگا سەرەکییەکان ڕەوانەی کۆمپانیایەکی چینی کرا بە گرێبەستێک بە ماوەی 1200 ڕۆژی ساڵنامەیی، ئەمەش وەک قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە.